


## کەمپی ئاوارەکانی بەحرکە

# دەیان چیرۆکی تراژیدی لە هەگبەدایە

**دۆخی تەندروستی و ژینگەی ئافرەتانی ناو کەمپەکە**

سەرەتا یاساناس و چالاکی بواری مافی مرۆڤ کەژاڵ وەرمەزیار وەك ئەندامێکی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، لە لێدوانێکدا گوتی: «کارمان بۆ ئەوە کردووە کە خزمەتکردنی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی و توندوتیژی لە سەر بنەمای باشترکردنی ژینگەی خێزانی و کۆمەڵایەتییان بێت، ئامانجی سەرەکیشمان بریتییە لە رۆشنبیرکردنی ئافرەتان بەرامبەر بە مافەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییە یاساییەکانیان کە لە دەرەنجامدا دەبێتە هۆی پاراستنی ئەو مافانەیان لە ئەگەر هەر پێشێلکارییەك کە بەرامبەریان بکرێت.» بنکەی تەندروستی و بەشی ئافرەتانمان بەسەر کردەوە. پزیشکێکی رووخۆش و دڵسۆز و شارەزا سەرقاڵی بینینی نەخۆشەکانی بوو. وەك خۆی باسیکرد، ئەوان وەکو «رێکخراوی ژیان» رۆژانی هەفتە لە یەکشەممە بۆ پێنج شەممە پێشوازی لە نەخۆشە ئافرەتەکانی ناو کەمپەکە دەکەن.

د. سوهێر عەبدولغەفار پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون دەڵێت: «رۆژانە بە دەیان ئافرەت بۆ وەرگرتنی چارەسەری سەردانم دەکەن، رۆژی وا بووە ژمارەی سەردانیکەرەکانم کەم بووە، کە لە هۆکارەکەم کۆڵیوەتەوە، بۆم دەرکەوتووە ئەو رۆژە یارمەتی دابەشکراوە و ئافرەتانیش

**هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی لە دۆخێکی پڕ قەیرانی جەنگ و ئابووریدایە، هاوکات ئامێزی بۆ پتر لە یەك و نیو ملیۆن ئاوارە کردۆتەوە کە لە چەندین کەمپ جێگیر کراون. یەکێك لەو کەمپانە (کەمپی ئاوارەکانی بەحرکە)یە کە پتر لە (٣٦٠٠) ئاوارەی لەخۆ گرتووە. ئەوان زۆربەیان لە دەستی تاوان و دڕندایەتی داعش لە موسڵ و دەشتی نەینەوا هەڵهاتوون، بەڵام هەرکامێکیان چیرۆکێکی تراژیدییان لە هەگبەدایە کە لە فیلمێکی میلۆدراما دەچێت. ئەوان لە پشت پەردەی دەوار و خەیمەکانیانەوە باسی ئازارەکانی خۆیان بۆ گوڵان دەکەن.**




سڕەیان گرتووە».

د. سوهێر رایوایە «ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستی لە ناو کەمپ باشە»، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت: «نەبوونی تاقیگە و سۆنار گرفتی زۆری بۆ دروستکردووین و ناچارمان دەکات نەخۆشەکانمان بنێرینە دەرەوەی کەمپ، ئەوەش بۆ ئەوان گرفتی گەورەیە و زۆرجار ئافرەتان بە هۆی بێ پارەیی تەندروستی خۆیان فەرامۆش دەکەن. هەروەها «هەفتانە موحازەرەیەکی هۆشیاری بۆ ئافرەتەکان دەڵێمەوە. خۆشبەختانە لەلایەن ئافرەتانەوە پێشوازییەکی باشی لێدەکرێ. ئەو محازەرانەش پەیوەستن بە بابەتە گرنگەکانی ڕێکخستنی خێزان، گرنگیدان بە راگرتنی پاك و خاوێنیی جەستە، چونکە فەرامۆشکردنی جەستە لە رووی پاك و خاوێنییەوە هۆکاری زۆر نەخۆشییە، هاوکات لە زیانە تەندروستییەکانی زۆر منداڵبوون و زوو بە شوودانی کچ ئاگاداریان دەکەینەوە».

**هێشتا ترس لە دڕندەییەکانی داعش لە ناخیاندایە**

باران بە لێزمە دەباری، بە ناو قوڕ و لیتەدا خۆمان گەیاندە یەکەم چادری ئاوارەکان و بارانیش بە خوڕ دەهاتە ناو بەشی پێشەوەی خەیمەکە. دوای ئەوەی فەرموویان لێکردین، باوکی ئیبراهیم کە رازی نەبوو ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا بکات، گوتی: «ئێمە سەرەتا بۆ موسڵ ماڵ و موڵکی خۆمان

هەمووی بەجێ هێشت و پەنامان بۆ هەولێر هێنا و لێرە نیشتەجێ بووین، سەرەتا لەوە ترسام کوڕەکانم بە زۆر چەکدار بکەن و کچەکانیشم ناچار بە جیهادی نیکاح بکەن، بۆیە لە دەستیان هەڵهاتین، تاوەکو داعشیش لە ناوچەکەمان بمێنێ، ناگەڕێینەوە». باسی ئەوەشی کرد کە لە ناو کەمپ لە رووی خۆراکەوە کێشەیان نییە و تەنیا گرفتیان نەبوونی هەلی کارە، ئەوەشی رەتکردەوە کە هیچ مووچەیەکی لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە بۆ دابین کرابێت. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «تەنیا ئەوانەی کە (واسیتەی بە قوەت)یان هەیە، مووچەیان هەیە و بۆیان رەوانە دەکرێت».

## دایکان داوای ئاوڕدانەوە لە منداڵەکانیان دەکەن

سرور سەلاح ئافرەتێکی تەمەن ٣٦ ساڵە و بەمجۆرە باسی کێشە و گرفتی خۆیان دەکات: «کێشە و موعاناتمان گەلێك زۆرە، هیچ ئامێرێکی فێنککەرەوەمان بۆ دابین نەکراوە، منداڵەکانمان تووشی نەخۆشی پێست بوون، ئەوە هاوینیش هات، وا بڕوات هەموویان گەڕ دەبن.

بەلقیس خدر ئەلیاس، ئافرەتێکی دیکەی ئاوارە و دانیشتووی هەمان کەمپە و بە نیگەرانییەکی زۆرەوە باسی ئاریشەکانی خۆیان دەکات و دەڵێت: «ماوەی دوو رۆژە ئاومان نییە و بە تەواوی بێتاقەتی کردووین، بە چەندین ماڵ یەك ئاودەستمان هەیە، منداڵی وا هەن ناچنە ئاودەستەکان و لە بندیواران دادەنیشن، خەڵکەکەش خۆیان گرنگی بە تەندروستی خۆیان نادەن، بۆیە نەخۆشیمان زۆرە. لە بنکەی تەندروستی ناو کەمپەکەش هەموو ئیمکاناتێك نییە، زۆر جار داوا دەکەن سرنج بێنین، ئەوجا دەرزیمان لێدەدەن، ئەو خەڵکە بێ پارەیەش ناتوانن لە دەرەوەی کەمپەکە چارەسەری پزیشکی وەربگرن».

سوعاد عەباس حەسەن، ئافرەتێکی تەمەن ٣١ ساڵە و بە خەمبارییەکی زۆرەوە باسی ئەوە دەکات کە هاوسەرەکەی یاریدەدەری پزیشکە، بەڵام هیچ کارێکی دەست ناکەوێت. گەرچی خۆی و هاوسەر و چوار منداڵەکەی لە بەشە تازەکەی ناو کەمپەکەدا جێگیر بوون، بەڵام بێکاری هاوسەرەکەی زیاتر لە هەموو شتێك ئازاری دەدات. سەبارەت بە داهاتیشیان گوتی: «ناشوکری خوای گەورە ناکەم، بەڵام مێردەکەم یەك فلس چییە، مووچەی نییە، بڕوا بکەن یەك دینار شك نابەین، بەتانی و کەل و پەل وەردەگرین، دەیفرۆشینەوە بۆ ئەوەی پارەیەکمان دەست بکەوێت». سوعاد نکۆڵی لەوە ناکات کە لە ناو کەمپەکە کچ لە تەمەنی منداڵی بە شوو دراوە، بەڵام سەبارەت بە کچەکانی خۆی دەڵێت: «من ئەوە قبووڵ ناکەم، خۆم لە تەمەنی ٢٤ ساڵی مێردم کردووە، شەبەك (زەواجی قاصرە)ی قبووڵ نییە، چونکە کچی منداڵ هیچ لە خێزانداری و هاوسەرێتی نازانێت».

## منداڵانی کەمپەکە باسی چی دەکەن؟

لەو کەمپە کە دەزگای خێرخوازی بارزانی نەمر و پارێزگای هەولێر بەڕێوەی دەبەن، دوو قوتابخانە و یەك باخچەی منداڵانی تیایە و قوتابخانەیەکی دیکەش لە دروستکردندایە، شوێنێکیشی تێدایە بۆ یاری منداڵانە دەوراندەوری تەلبەند کراوە و چەند کەرەستەیەکی یاریکردنیشی تێدا دانراوە. یەکێك لەو منداڵانە باسی ئەوە دەکات کە بۆ چوونە ژوورەوە بەشێك لە تەلبەندەکەیان بڕیوە. مێرمنداڵێك کاتێك لەو شوێنەوە دەهاتە دەرێ، جلەکانی لە تەلەکان گیربوو، ئەو دیمەنەش کەوتە بەر زوومی کامێرای گوڵان و دواتر زانیمان (رەئفەت حەسەن)ی تەمەن ١٤ ساڵ قوتابییە و لە دەرەوەی کەمپەکە دەخوێنێت، کە رۆژانە پتر لە نیو کاتژمێر دەبێت بە پێ بڕوات تاوەکو بگاتە قوتابخانەکەی، بۆ ئەوەش ناچارە گوێ بە سەرما و گەرمای کەش و هەوا و رۆژانی بارانی نەدات.

زەینەب عوسمان رەشۆ کچێکی تەمەن ١١ ساڵانە و دوای ئەوەی داوامان لێکرد بە خواستی خۆی وێنەیەکمان بۆ بکێشێت، وێنەی (ئافرەتێکی بێ سەرپۆش و پیاوێکی بە ریش)ی بۆ کێشاین، لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە مەبەستی لەو وێنەیە چییە؟ گوتی: «ئێمە منداڵین و حەز بە سەرپۆش ناکەین، بەڵام داعش ئەوەی سەرپۆش نەکات، دەیکوژن». ئەو کچۆڵەیە گەورەترین ئاواتی ئەوە بوو بۆ زێدی خۆی بگەڕێتەوە، بەڵام خۆی گوتەنی ئەوان شەبەکن و پیاوانی دڕندەی داعش رووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی کوشتنیان دەکەنەوە.

روقیە حەسەن کچێکی تەمەن دە ساڵانە و بە تامەزرۆییەوە باسی ئەوە دەکات کە گەورەترین ئاواتی ئەوەیە بۆ قوتابخانە بگەڕێتەوە، چونکە «باوکم لە قوتابخانە دەریهێنام و ناهێڵێت چیتر بخوێنم، منیش زۆر حەز بە خوێندن دەکەم».

بەڵام ئەسعەد مەحموود بەشیر بەڕێوەبەری قوتابخانەی تێکەڵاوی کچان و کوڕان کە ناوی قوتابخانەکەیان بارزانی (٢)ـە، ئەوە رەددەکاتەوە کە کچان لە خوێندن رێگرییان لێ بکرێت، یان لە قوتابخانە دەرهێنرابێت. گوتیشی: «ئێمە بە درێژایی ساڵ هیچ کێشە و کەموکوڕییەکمان نەبووە و لە خوێندنی ئەمساڵیش تەنیا لەم قوتابخانەی ئێمە ١٣٦ کوڕ و ٩٨ قوتابی کچمان هەیە».

## گەنجانی کەمپەکە خۆیان لە ئاوێنەی نائومێدیدا دەبینن

لەو کەمپەدا گەنجانیش ئاریشەی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەوەتا مزاحم فەیسەڵ کە تەمەنی ٢٢ ساڵە و لە بەر دووکانی هاوڕێیەکەی دانیشتووە، دەڵێت: «بێکاری هەمووی کوشتووە، ئەوەشی وشکەپارە و زێڕی هەبوو، هیچی نەماوە، هەموومان لێمان قەوماوە و ژیانمان فەوتاوە، بەتایبەتی گەنجان کە هیوای زیاتریان بۆ دوارۆژیان هەیە، لێرە هەموو خەونەکانیان زیندەبەچاڵ کراوە».

حازم رەشید گەنجێکی دیکەیە کە لە تەقینەوەیەکی شاری موسڵ دەستێکی لەدەست داوە، ئەویش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە لە بەردەم ریکوردەرەکەی گۆڤاری گوڵان دەڵێت: «لەم ژینگەیە گەنجی ساغ و تەندروست تووشی خەمۆکی و نائومێدی بووە، ئیتر ئێمەی گەنجی کەمئەندام ئاخۆ دەبێت باری دەروونیمان چۆن بێت؟ هیچ هیوایەکمان بە حکومەتی عێراقی نییە، ئەوەشی بۆمان کراوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوەکان کردوویانە کە زۆر سوپاسیان دەکەین، ئەوان نەبوونایە لە برسیان دەمردین، لانیکەم خواردەمەنیمان بۆ دابین دەکەن».

راوێژکاری یاسایی رێکخراوی مەسەلە:

**کێشەکان زۆرن و رۆژی وا هەیە زیاتر لە ١٠ ئافرەت سەردانمان دەکەن، ئەو کێشانەش کە دەگەنە دادگا، تێچووی دادگا رێکخراوەکەمان دابینی دەکات**

باوکێك:

**فیکرەی داعشم قبووڵ نییە، لەوە ترسام کوڕەکانم بە زۆر چەکدار بکەن و کچەکانیشم ناچار بە جیهادی نیکاح بکەن، بۆیە لە دەستیان هەڵهاتین، تاوەکو داعشیش لە ناوچەکەمان بمێنێ، ناگەڕێینەوە**

دایکێك:

**هیچ ئامێرێکی فێنککەرەوەمان بۆ دابین نەکراوە، منداڵەکانمان تووشی نەخۆشی پێست بوون، ئەوە هاوینیش هات، وا بڕوات هەموویان گەڕ دەبن**

کەمئەندامێك:

**هیچ هیوایەکمان بە حکومەتی عێراقی نییە، ئەوەشی بۆمان کراوە، حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکان کردوویانە کە زۆر سوپاسیان دەکەین**

## بەرنامەی حکومەت و ڕێکخراوەکان بۆ کەمپەکە

یاســاناس ئامینە مەحموود لە ڕێکخراوی مەســەلە کە سەنتەرێکیان بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەت لە ناو کەمپەکە کردۆتەوە، سەبارەت بە کاری خۆیان دەڵێت: «ئێمە لێرە ڕۆژانە کێشــە خێزانییەکان چارەســەر دەکەین، ڕێنمایی یاسایی بە ئافرەتان دەدەین و ئەگەر کاروبــاری دادگایان هەبوو، بۆیان بەڕێوەدەبەیــن، هەر ئەمڕۆ (٢٠١٥/٥/٤) چوار کێشــەمان هەبــوو، ڕۆژی وا هەیــە زیاتر لە ١٠ ئافرەت ســەردانمان دەکەن، ئەو کێشــانەش کە دەگەنــە دادگا، تێچووی دادگا ڕێکخراوەکەمان دەیدات. زۆرترین کێشەکانی ئێرەش لە خراپی باری ئابوورییانەوە ســەرچاوەی گرتــووە، خەڵکەکە بەهۆی بێکاری و دەســتبەتاڵی تووشی خەمۆکی و شڵەژانی باری دەروونی بوون».

توێژەری کۆمەڵایەتی ســروە خەلیل لە هەمان ڕێکخراودا دەڵێت: «ئێمە لە ڕێکخراوەکەماندا وەکو گرووپێك ئیش دەکەین و لەکاتی بوونی هەر گرفتێکی خێزانی ســەرەتا کەیسەکان دەبینین، دواتر بە مەبەســتی گەیشــتن بە ڕێگەچارەیەکی گونجاو بۆ چەنــد جارێك لەگەڵ خێزانــەکان کۆدەبینەوە و دادەنیشن، جگە لەوانە خزمەتگوزاری تەندروستیش پێشکەشی ئەو ئافرەتانە دەکەین کە نەخۆشــن و چارەسەرییەکەیان لەناو کەمپــدا نییە، ئێمە لەســەر ئەرکی ڕێکخــراو ڕەوانەی ئەو جێگەیەی دەکەین کە چارەسەرەکەی بۆ دەکرێت.

ئەمیــر ســەمیر عومــەر ئەفســەرێکی نووســینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتانە لە کەمپی بەحرکە و باســی ئەوە دەکات کە بەپێی یاســای توندوتیژی خێزانی کە لە پەرلەمانی کوردســتان دەرچووە، لەگەڵ کێشــەکانی ئافرەتانی توندوتیژی بەرامبەر کراو مامەڵە دەکەن، گوتیشی: «ئەو ئافرەت و منداڵانەی کــە توندوتیژییان لەگەڵ کراوە، ئێمە وەکو نووســینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە کەمپی بەحرکە بەرگرییان لێدەکەین، نامیلکەیەکی تایبەت بە زانیارییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی چاپ کراوە و تەلەفۆنەکانی نووســینگە کــە دوو ژمارەیە لە ناو ئــەو نامیلکەیەدایــە، ئێمە ماڵ بە مــاڵ دەگەڕێین و ئەو نامیلکەیە بە ســەریاندا دابەش دەکەیــن، ئەو ئافرەتانەی کە توندوتیژییان دەرهەق کراوە و نەیانتوانیوە سەردانمان بکەن، یان لە کەسوکاریان ترساون و پەیوەندییان بە ئێمەوە نەکردووە، دوای بەدەست گەیشتنی زانیاری ئێمە سەردانیان دەکەین».

لــە کۆتایــی ئــەو کارە مەیدانییەدا گەیشــتینە بەردەم ئۆفیســی بەڕێوەبەراتی «کەمپــی ئاوارەکانی بەحرکە» و دوای چەنــد خولەکێك بەڕێوەبەری کەمپەکە ئەحمەد ڕەمەزان لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان وتی: «بە هیممەتی ســتافەکەمان هــەر کێشــە و گرفتێك لە ناو کەمپەکــە هەبێت، بە جدی هەوڵی چارەســەرکردنی دەدەین». جەختی لەوەش کردەوە کە تا یەك مانگی داهاتوو ڕێکخراوی UNHCR پڕۆژەی دروستکردنی کەمپە نوێیەکە تەواو دەکات و ئەوکات باشتر و بە شــێوەیەکی ڕێکوپێکتر دەتوانن کۆنترۆڵی ئاریشــەکان بکەن.

## کورتە مێژووی کەمپەکە

«کەمپــی ئاوارەکانــی بەحرکە« ســەرەتا بۆ ئاوارەکانــی ســووریا تەرخان کرابــوو. دوای گواستنەوەی ئەوان، ئاوارەکانی ناوخۆی مووسڵ و دەشــتی نەینەوا لەو کەمپە نیشــتەجێ کراون کە زیاتر لە ٣٦٠٠ ئاوارە لەخۆ دەگرێت. بەپێی دوائاماری بەڕێوەبەراتی کەمپەکەش لە ئێستادا (١٨٠٧) کــەس لە ڕەگەزی مــێ و (١٨٤٥) کــەس لە ڕەگەزی نێر لەو کەمپەدا نیشــتەجێن کە لە ســێ بەش پێکهاتووە. بەشێکی چەندین هۆڵی زۆر گــەورەن کە هەموویان چۆڵ کراون، بەشــێکان خەیمەکانی کۆنن، بەشێکیشــیان لە پڕۆژەیەکی نوێدا دروســتکراون کە ئاودەست و گەرماوی هەر خێزانێك بە جیاواز دروست کراوە. گەرچی هێشتا بە تەواوی پڕۆژەکە تەواو نەبووە، بەڵام ژمارەیەکی زۆری ئاوارەکان لەو بەشــەیدا کە تەواو بووە، نیشــتەجێ کراون، کە بە شوێنی نوێیان زۆر دڵخۆشن.



# خۆکوشتنی پیاوان پەرەدەستێنێت

**گەرچی پیاوانی کورد زۆر کەمتر لە ئافرەتان وەك دوابڕیاری هەڵەی ژیانیان پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، بەڵام ئامارەکان دەریدەخەن کە حاڵەتەکانی خۆکوشتنی پیاوان لە کوردستان زیادی کردووە. سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان ئاشکرایدەکات کە لە ساڵی رابردوو زیاتر لە ٥٠ پیاو خۆیان کوشتووە. پسپۆڕانی دەروونناسیش بۆ رێگری لەو تاوانە کە تاك بەرامبەر بە ژیانی دەیکات، پێشنیار دەکەن زیاتر بایەخ بە سەنتەرەکانی دەروونی و راوێژکارانی خێزانی بدرێت.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئێستا خۆکوشتن لە زوربەی وڵاتانی دنیادا لە حاڵەت دەرچووە. تەنانەت لە هەندێك وڵاتدا پیاوان زیاتر لە ئافرەتان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن. لە وڵاتێکی وەك بەریتانیا خۆکوشتن بریتییە لە سێیەم هۆکاری لەناوچوون دوای نەخۆشییەکانی دڵ و شێرپەنجە. لە وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکانی وەکو (سوید، نەرویج، دانیمارك) لە ساڵێکدا لە (١٠٠) هەزار کەس ٤٠ کەس خۆیان دەکوژن، لە ئەمریکاش ساڵانە زیاتر لە (٣١) هەزار کەس خۆیان دەکوژن. واتە (٨٥) کەس لە رۆژێکدا، هەروەها ساڵانە ٦٥٠ هەزار کەس لەو وڵاتەدا هەوڵی خۆکوشتن دەدەن.

هەرچەندە بۆ خۆکوشتن لە کوردستان ئاماری دروست نییە، لەبەر ئەوەی زۆریان دەشاردرێنەوە و بە «قەزا و قەدەر» لەلای پۆلیس تۆمار دەکرێن، بەڵام سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان ئاشکرای دەکات کە لە ساڵی رابردوو ٥٠ پیاو خۆیان کوشتووە. هەر بەپێی زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لە ماوەی چوار مانگی رابردوودا لە ناو شاری هەولێر شەش پیاو خۆی کوشتووە. هەر لە مانگی نیساندا دوو حاڵەتی خۆکوژی پیاوان تۆمار کراون. لە ٨ی نیسان لە گەڕەکی ئەفسەران (شەماڵ)ی تەمەن ٦٣ ساڵ لەناو ماڵەکەی خۆیدا بە دەمانچەکەی خۆی بریندار دەکات و دوای ئەوەی کەسوکارەکەی بۆ نەخۆشخانەی دەبەن، بێئەوەی فریای ئیفادە وەرگرتنی بکەون، بەهۆی سەختی برینەکەی لە نەخۆشخانە گیان لە دەستدەدات. بەپێی زانیارییەکان کەسی خۆکوژ، خاوەن پۆستێکی باڵا بووە و باری دارایيشی زۆر باش بووە. هەروەها لە رۆژی ٢٤ی نیسان لە گەڕەکی شادی لە شاری هەولێر کاتژمێر ٨ی بەیانی (ژیلوان)ی تەمەن ٢٤ ساڵ لە ناو ژوورەکەی خۆی و لەسەر جێگەی نووستنەکەی گوللەیەك ئاڕاستەی دڵی دەکات و دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی و تا ئێستا هۆکارەکەی نادیارە. بە وتەی کەسوکارەکەی ژیلوان کێشەی لەگەڵ کەسێدا نەبووە و باری ئابووریشیان باش بووە. ئەو رۆژەی تاوانەکەشی تێدا ئەنجام دراوە، بڕیار بوو ژیلوان لەگەڵ کەسوکاری بچێتە خوازبێنی ئەو کچەی کە خۆشیدەویست، لە کاتێکدا کەسوکاری کچەش رەزامەندییان پێدابوو.

کۆمەڵناس ئیبراهیم حاجی زەلمی، کە بڕوانامەی ماستەری لە بواری کۆمەڵناسی هەیە، سەرەتا

باسی ئەوە دەکات کە خۆکوشتن لەلایەن مرۆڤەوە بۆ خۆی خاڵیکردنەوەی جەستەیە لە گیان، کە بکەر و بەرکار لەناو مرۆڤێکدا کۆبوونەتەوە. واتە بکوژ هەرخودە و جەستەی خۆی دەکاتەوە بەرکاری کردەکەی خۆی. گوتیشی: «کردەی خۆکوشتن پەیوەندی بەو پەستانە دەرەکییە نێگەتیڤانەوە هەیە کە کاریگەری لەسەر ئیرادە و بڕیاردانی تاکەکەس دەبێت، بۆ هەستان بەو کردەیە، هەروەها ئاستی هوشیاری و ئاستی خۆویستی و خۆشەویستی بۆ ژیان دیاریکەری رێژەی ئەنجامدانی ئەو تاوانەیە، نەك ڕەگەز و تەمەن. بە باوەڕی من تا کاتێك مرۆڤ بۆشاییەك و نەفەسێك بۆ مانادان بەژیانی و کونجێك و قوژبنێك بۆ جێبەجێکردنی ئاوات و خواستەکانی تیایدا مابێتەوە، ئیتر دەست بۆ کردەی خۆکوشتن نابات.» جەختی لەوەش کردەوە کە خۆکوشتن لە دێرزەمانەوە هەبووە و تا ئێستاش هەیە. هەندێ لە خۆکوشتنەکان هۆکارەکەیان سانایە و دیارە، کاتێك ئەو ژیانە سازاوەی لەبەرچاو خۆکوژدایە، رەش دەبێت و تەنیا مردن بە چارەسەر دەزانێت، ئیتر ئەو فەزایە دەخوڵقێ کە بگەڕێ بە شوێن ساناترین و نزیکترین رێگەی خۆکوشتنەکەیدا، بۆیە لای رەگەزی مێ ئاگر و شێوازی خۆسووتاندن زووتر دێتە بەردەستان و پیاوانیش چەك و فیشەك و خنکاندنی خۆی ساناترین میکانیزمی جێبەجێکەری کارەکەیانە. گەر بگەڕێین بە شوێن هۆکارەکانی خۆکوشتنەکاندا ئەوە بە ئەندازەی جۆری ئامانج و دنیابینی و ئەو خواست و ئامانجانەی کە بۆ پاشەڕۆژ لە شعوریدا نەخشەی بۆ کێشاون، ئەوەندە هۆکار ئامادەن.

ئیبراهیم لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە «لەم جیهانە تەنها بۆخۆییە و لە ئەمڕۆدا و خاڵی بوونەوەی زیاتری مرۆڤ لە ئینتیما گشتی و مرۆیی و ئایینییەکان، جێگەگرتنەوەی خواستەکان و زاڵی غەریزە فەردییەکان و پاڵدانیان بە بەرژەوەندی تەنها خودەوە، وایکردووە کە مرۆڤ توانای بڕیاردانی بە سەر جەستەی خۆیدا ئاسان بێت و بڕیاری خۆکوشتنیشی زوو دەست بکەوێت.»

توێژەری دەروونی شارا ئەکرەم، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە توێژینەوە زانستییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەوا لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا رێژەی خۆکوشتن زیاترە، بە رێژەی زیاتریش لە توخمی پیاواندا دەرکەوتووە، تەمەنیش رۆڵی زۆر دەبینێت، چونکە ئەوانەی زیاتر هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، لە تەمەنی گەورەییدا بووە، نەك تەمەنی بچووکتر یان منداڵی. هەروەها زیاتر ئەو کەسانە پەنایان بۆ خۆکوژی بردووە لە باری خێزانییەوە کێشەیان بووە، وەك ئەو هاوسەرانەی کە جیابوونەتەوە. هەروەها باری ئابووریی خراپ و زۆربوونی بێکاری، لە کاتێکدا زۆربەی زۆری خودکوژییەکان بە هۆی نەخۆشییە دەرونییەکان و بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکانەوە بووە، بەڵام (٣٠ - ٧٠٪)ی خۆکوشتنەکان پەیوەندییان بە خەمۆکییەوە هەیە. بەپێی توێژینەوەکان و بەپێی ئاماری رێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO دەرکەوتووە کە ١٦٪ی هەموو کۆمەڵگەیەك نەخۆشی دەروونییان هەیە، بەڵام بەپێی لێکدانەوەکانمان وەك پسپۆڕانی دەروونی بەهۆی ئەوەی ساڵانێکی زۆر شەڕ و کوشتار و نەهامەتی و ناڕاحەتی و نەبوونی ئەگەری زیاتری ئەو رێژەیە لە کۆمەڵگەی خۆماندا هەیە. سەبارەت بە چارەسەریش گوتی: یەکێك لە باشترین رێگەکانی چارەسەر ئەوەیە رێکخراوی تایبەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان بکرێتەوە و بە خۆبەخشی و بە خۆڕایی کاربکەن، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك بتوانن بە خۆڕایی کێشە دەروونییەکانیان چارەسەر بکەن.»

دەروونناس سامان سیوەیلی، بەڕێوەبەری سەنتەری چاکسازیی خێزانی بۆ رێگری لەو تاوانە کە تاك بەرامبەر بە ژیانی دەیکات، پێشنیار دەکات لە گشت قۆناغەکانی خوێندن هۆشیاریی دەروونی بڵاوبکرێتەوە و زیاتر بایەخ بە سەنتەرەکانی دەروونی و راوێژکارانی خێزانی بدرێت، میدیاکانیش لەو بوارەدا هاوکار بن بۆ ئەوەی هانی خەڵك بدەن لە کاتی درووستبوونی فشارە رۆحییەکانی دەروونیان سەردانی ئەو ناوەندانە بکەن، گوتیشی: «کاتێك کەسێك هەڕەشەی خۆکوشتن بکات، دەبێت زۆر بە جددی وەریبگرن و کەسانی نزیکی هەوڵ بدەن بە زووترین کات بۆ چارەسەر و هێورکردنەوەی راوێژ بە دەروونناسی پسپۆڕ بکەن.»

بورهان عەلی، سکرتێری یەکێتی پیاوانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە ساڵی رابردوو زیاتر لە (٥٠) پیاو خۆیان کوشتووە و پێنج پیاویش لەلایەن ئافرەتانەوە کوژراون. ئەوەشی خستەڕوو کە بەپێی ئامارەکانی رێکخراوەکەیان ساڵی ٢٠١١ لە ١١١ کەیسیان ٥٩ یان خۆکوشتنی پیاوان بووە و تەنیا لە دە مانگی ساڵی رابردوو(٢٠١٤) ٥١حاڵەتی خۆکوشتنی پیاوان روویداوە.

لە لای خۆیەوە مەلا ئارام خەلەکانی پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی حاجی فەتاح سەبارەت بە حاڵەتەکانی خۆکوشتن بۆ گوڵان گوتی: «خۆکوشتن بە هەر شێوەیەك یەکێکە لە تاوانە گەورەکان کە ئیسلام بە هەموو شێوەیەك قەدەخەی کردووە. بێگومان ئەنجامدەری ئەم تاوانە لە دین تێنەگەیشتووە،خوای میهرەبان دەفەرموێت:(**وَلا تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا**)، واتا خۆتان مەکوژن بێگومان خوای گەورە زۆر بە بەزەییە بۆتان و هەرکەسێك ئەم کارە بکات تووشی تووڕەبوونی خوای گەورە دەبێت بۆیە دەفەرموێت: (**وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ عُدْوَانًا وَظُلْمًا فَسَوْفَ نُصْلِيهِ نَارًا وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرًا**) . هەروەها پێغەمبەر دەفەرموێت: (**مَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِشَيْءٍ فِي الدُّنْيَا عُذِّبَ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ**)، واتا هەرکەسێك لە دنیادا خۆی بە شتێك بکوژێت لە رۆژی دوایی بەو شتە ئازاردەدرێتەوە،ئەوانەش کە دەڵێن: ئەوە ویستی خوا و قەدەرمان بوو، ئەوا گوناه دەکەن، چونکە خوای گەورە هەرگیز فەرمان بە خراپە ناکات، هەر کەسێکیش ببێتە هۆکار و هاندەری ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت، ئەوا تاوانبارە لای خوای گەورە، بێ ئەوەی لە تاوانی خۆکوژەکە کەم ببێتەوە.»

شارا ئەکرەم:

**یەکێک لە باشترین رێگەکانی چارەسەر ئەوەیە رێکخراوی تایبەت بە نەخۆشییە دەروونییەکان بکرێتەوە و بە خۆبەخشی و بە خۆڕایی کاربکەن، بۆ ئەوەی هەموو کەسێک بتوانن بە خۆڕایی کێشە دەروونییەکانیان چارەسەر بکەن**

مەلا ئارام خەلەکانی:

**خۆکوشتن بە هەر شێوەیەک یەکێکە لە تاوانە گەورەکان کە ئیسلام بە هەموو شێوەیەک قەدەخەی کردووە**

ئیبراهیم حاجی زەڵمی:

**خاڵی بوونەوەی زیاتری مرۆڤ لە ئینتیما گشتی و مرۆیی و ئایینییەکان، جێگەگرتنەوەی خواستە تاکی و زاڵیی غەریزە فەردییەکان و پاڵدانیان بە بەرژەوەندی تەنها خودەوە، وایکردووە مرۆڤ توانای بڕیاردانی بە سەر جەستەی خۆیدا ئاسان بێت**

سامان سیوەیلی:

**کاتێک کەسێک هەڕەشەی خۆکوشتن بکات، دەبێت زۆر بە جددی وەریبگرن و کەسانی نزیکی هەوڵ بدەن بە زووترین کات بۆ چارەسەر و هێورکردنەوەی راوێژ بە دەروونناسی پسپۆڕ بکەن**